ئاشتی

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی- فارسی ئێران

سالّی دووهەم◆ژمارەی ۳۵◆۱۶لاپەڕە◆(کوردی‌وفارسی ۲۰۰تمەن)-۳۰۰دینار

دووشەممە ۲۰ی پووشپەڕی ۱۳۸۴ی هەتاوی ۱۱ ژوییەی ۲۰۰۵ زایینی




## Hîkmet Fîdan ate kuştin

Rupela 8



## ئاشکرا نەبوونی کاتی یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی کوردستان

بۆلاپەڕەی ۳

# پەروەردەمان بە زمانی دایکی دەوێ



نێونووسی کردنی منداڵانی باکووری کوردستان بۆ فێربوونی زمانی کوردی

**ئاشتی، بەشی فەرهەنگی:** داو بەدوای بەڕێوە بردنی چەندین چالاکی جەماوەری لەلایەن سەندیکای مامۆستایانەوە و بە پێشەنگایەتی (DEHAP)ئەم ڕێکخراوە ناحوکمییە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە داخرا. وەک هەڵویستێکی دژە فاشیستی و پێداگری لەسەر مافە ڕەواکانی هەر مرۆڤێک بۆ پەروەردە بە زمانی دایک، لەم چەن ڕۆژەی دواییدا کە ئێستاش هەر بەردەوامە، داخوازی پەروەردە بە زمانی کوردی دەستی پێکردەوە. لە «ئامەد» ۱۵۰ هەزار ئیمزا، «جۆڵەمێرگ» ۱۰ هەزار ئیمزا و «سەمسۆر» و »وان» یش نزیکەی ۱۵ هەزار ئیمزا کۆ کراونەتەوە و بڕیار وایە ئەم داخوازیانە دوای کۆتایی هاتنی پڕۆژەکە بخرێنە بەردەم پەرلەمانی تورکیا و یەکێتی ئەورووپا. هاوکات ژنان و پیاوانی بە ساڵاچوو، وەک دەسپێشخەریەک لە پۆلەکانی فێرکردنی زمانی کوردی ئامادە ئەبن تاکو بە شێوەیەکی نافەرمی ئەم قوتابخانانە هەر بەڕێوە بچن. لە شەقام و کۆڵانە قەرە باڵخەکانی «ئامەد» «جۆڵەمێرگ» و ... بەدانانی دەیان ناوەندی ناونوسین و ئیمزا ئاوێتن لە سەر ئەم داخوازیە جۆش و خرۆشێکی مەزن خراوەتە ناو دڵی کوردان و خەریکە بۆ شارەکانی تریش ئەمە تەشەنە ئەکات. هاوکات دەزگاکانی دەوڵەت وەک دژە هەڵوێستێک، چالاکی ئەم بنکانەیان لە جێگا پڕ حەشیمەتەکان قەدەغە کردووە.

ئەمە ڕەوتێکە لەم چەن ساڵەی دوایی دا و لە شارەکانی کوردستان وەک تەوژمێک هەرساڵ دووپات کراوەتەوە و توانیویەتی کاریگەرییێکی زۆربخاتە سەر گەل و هاوکات لەگەڵ گوشار خستنە سەر دەوڵەتی تورکیا، بیروڕای گشتی کۆمەڵگای ناو دەوڵەتیش بۆ لای خۆی رابکێشێ.

«تورکە کێویلکەکان»! ڕێک لە ساڵی ۱۹۲۵ ـ ەوە بۆ ئەوەی بتوانن بێنە ناوجەرگەی شارستانیەت و لە مۆدێرنەی «ئاتاتورک» کەڵک وەرگرن، زمانی کوردیان لێ سەندرایەوە، بەڵام ئەم زمانە بە پێچەوانەی ئەوخەونانەی لەناوەندە ستراتیژیەکانی فاشیستی بۆی ئەبیندرا، ئێستا دوای هەشتا ساڵ نەک لەناو نەچووە، بەڵکو، قسەی پێ ئەکرێ. گورانی شوڕشگێڕانەی پێ ئەوترێ، پەرتوکی پێ ئەنوسرێ و تەنانەت بووە بە بنەمای داخوازیەکانی سیاسی گەلی کورد و بەشێکی حاشا هەڵنەگر لە شوناسی نەتەوەیی...

لاپەڕەی ۳



### سەردێڕی بابەتەکان

## ۱۰۰هەزار نەخۆشی مادەسڕکەرەکان لە کرماشان

لاپەڕەی ۳

## هاوکاری ئابووری لە نێوان سنەو ئاڵمان

لاپەڕەی ۲

## مەسعود بارزانی ئالّای پارتەکەی لە تەنیشت خۆی لادەبا

لاپەڕەی ۲

## لە تورکیا ۷ و لە سەید سادق ۱۰ ئەندامی پ.ک.ک دەسگیر کران

لاپەڕەی ۲



روانگە

## بۆ ئەبێ بە کوردی بنووسین؟


محەمەد موەفەقی

Mohamad _56m@yahoo.com


**تەبعی شەکەر باری من گەر بە کوردی ئینشا دەکا**

**ئیمتحانی خۆیە موقسوودی، بە عەمدی وا دەکا - «نالی»**

**۱**– نیچە لە شوینێدا ئەڵێت: «ئەوەی خاوەنی ئەزموونێکی سامناک بێت، ئەم گومانەمان لا چێدەکات کە خۆشی بوونەوەرێکی پڕمەترسی و سامناکە» ئایا ئەوەی لە هەموو ساتەوەختێکی تەمەنیدا هەوڵی سیاسی کردنی ژیان و تەنانەت مردنیشی داوە و تارادەیەکی زۆریش لەم بەستێنەدا سەرکەوتووە، خاوەنی هەمان ئەزموونی سامناک نیە؟ ئەو ئەزموونەی کەدوایی کاراکتێری سامناک بەرهەمدێنێت. ئایا ئەوەی لە پەنای شەیتانەوە، ستایشی دەمامکە ئەهوورابیەکان و بانگەشە بۆ تارمایيەکی فریشتەیی دەکا، تەسلیمی هەمان ئەزموون نەبووەتەوە؟ ئایا ئێمەی کورد توانیوومانە، ئەزموونە سامناکەکانی خۆمان بە دیدێکی رەخنەگرانەوە بخوێنینەوە؟ ئایا ئێمەی کورد شەیدای سامناک بوونی خۆمان نین؟ کەواتە سەرهەڵدانی هەموو یۆتۆپیایەکی کوردی لای ئێمەی کورد راستەوخۆ پەیوەستە بە ژیان لە سێبەری کوشندە و تاپۆی ئەزموونە پڕمەترسییەکاندا. ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە ئێمە دەبێ مەحکووم بین بەوەی کە بەردەوام لە دوزخێکدا بژین کە نێوی «کومەڵگای کوردی»یە و لەم دۆزەخەشداکەس بۆی نیە پرس لە کێشە جەوهەرییەکانی ئەم کۆمەڵگایە بکات و نابێ بڵێ کورد مردووە، بەڵکوو دەبێ لەسەر ئەو بڕوایە بێت کە گەلی بەختەوەری کورد لەم نا ـ شوێنە و لەم جوگرافیا نادیارەدا بۆ هەمیشە و هێشتا زیندووە و ئەمەشیان زۆرتر لە گاڵتە ئەچێ کە ئێمەی کورد تەنانەت خەون و خولیا ...

لاپەڕەی ۴


